هەرێمی کوردستان- عێراق
ئەنجوومەنی وەزیران
وەزارەتی ناوخۆ
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان
بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕی سەرچاوە مرۆییەکان
بەشی کارگێڕی

Kurdistan Regional - IRAQ
Council of Ministers
Ministry of interior

إقليم كوردستان- العراق
مجلس الوزراء
وزارة الداخلية
المديرية العامة للديوان
مديرية ادارة الموارد البشرية
قسم الادارة

ژمارە : ٠٠٣٧
ڕێکەوت : ١٩/٢/٢٠١٧ / ٢٧ کوردی
NO :
DATE : /١٢/٢٠١٧

## بەیانی ژمارە ( ٥ ) ساڵی ٢٠١٧

### هەموار کردنی بەیانی ژمارە (١٢) ساڵی ٢٠١٦ تایبەت بە دابەزاندنی دەسەڵاتەکان بۆ پارێزگار و سەپەرشتیاری ئیدارە سەربەخۆکان

دوابە دوای بەیانمان ژمارە (١٢) ی ساڵی ٢٠١٦ و بۆ زیاتر پیادەکردنی ناسەنترالی لە بەرێوەبردن و لەبەر بەرژەوەندی گشتی و بەپێ ی ئەو دەسەلاتەی پێمان دراوە لەیاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦) ی ساڵی ٢٠٠٩

**بڕیارماندا بە :** هەموار کردنی بەیانی سەرەوە بەم شێوەیەی خوارەوە :

**یەکەم : هەموار کردنی برگە/یەکەم خاڵی/١١ بەم شێوەیەی خوارەوە:-**

١١. پێدانی سوپاس و پێزانین بۆ فەرمانبەران لە کاتی هەڵسانیان بە کارەکانیان بەشێوەیەکی رێک و پێک (کەتێیدا هۆیەکانی پێدانی سوپاس و پێزانینەکە دیاری کرابێت) و پێدانی پێشخستن بۆ ماوەی یەک مانگ بەمەرجێک ساڵی لە (١) جار زیاتر نەبێت.

**دووەم : هەموار کردنی برگە/ دووەم خاڵی /٢٨ بەم شێوەیەی خوارەوە :-**

٢٨. پێدانی دەسەلات بۆ بانگەوازی جێ بەجێ کردنی پرۆژەکان و کردنەوەی وشیکردنەوەی تەندەرەکان و ئیحالە کردنی پرۆژەکان و ئەنجامدانی گرێبەست و خەرج کردنی شایستە داراییەکانی تایبەت بە پرۆژەکان بەپێ ی رێنمایی جێ بەجێ کردنی گرێبەستە حکومیەکان.

**سێ یەم : ئەم بەیانە لەرۆژی دەرچوونیەوە کاری پێ دەکرێت .**

**کریم سنجاری**
**وەزیری ناوخو**

**وێنەیەك بۆ:**

- وەزارەتی دارایی و ئابوری / بەرێوەبەرایەتی گشتی ژمێریاری / بۆزانین و کاری پێویست لەگەڵ رێزدا.
- وەزارەتی دارایی و ئابوری / بەرێوەبەرایەتی میلاکات / بۆزانین و کاری پێویست لەگەڵ رێزدا.
- بەرێز بریکاری وەزارەت / بۆزانین لەگەڵ رێزدا .
- گشت پارێزگاکانی هەرێم و ئیدارەکان/ بۆکاری پێویست لەگەڵ رێزدا.
- بەرێز راوێژکاران / بۆزانین لەگەڵ رێزدا.
- فەرمانگەی یاسایی .
- خۆیەتی .
- ژمێریاری .
- پلاندانان.
- خولاو.